# دڕکبژێر

ئەوەی کە جێگای سەرنجراکێشانە ئەوەیە، کە دیاردەیەکی سەیروسەمەرە دەبینین لە جۆرە داواکاریەک کە لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان، کە فەرمانبەران و کارمەندانی ئەو بانکە بەڕێزانە داوا لەو کەسانە دەکەن کە دەچنە سەردانی بانکەکان بۆ وەرگرتنی مووچەی کەسێکی دیکە نەک موچەی خۆی، بێگومان کە ئەمەش بێ بریکارنامە ئەنجام نادرێت بەپێی یاسا واتە خاوەن مووچە دەبێ بریکارنامە بۆ ئەو کەسە بکات، کە دەیەوێ لە بڕی خودی خۆی مووچەکەی بۆ وەرگرێت. جا گرینگ نییە جۆری بریکانامەکە گشتی بێت یا تایبەتی، ئەوە پەیوەستە بەرێکەوتن و متمانەی بریکاردار و بریکار تەنها ئەوەندە لەسەر دادنووسە کە لە کاتی وەرگرتنی گفتاریان دەسەڵاتەکەیان بۆ هەردوولا دیاری بکات تاوەکو شارەزای تەواو بەرچاو روون بن. ئەوکات بە بێ هیچ بەربەستێک بریکار دەتوانێت، مووچەی بریکاردەری خۆی لە جێگای دیاریکراو کە زیاتر بانکەکان وەرگرێت تا ئێرە ئاساییە، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە و مایەی گرفتە بۆ فەرمانگەی دانووسیەکان ئەوەیە کە مووچەدارێک جا بە هەر سیفەتێک بێ لەلایەن میریەوە بڕێکی دیاریکراو مووچەی بۆ بڕاوەتەوە بەڵام یا ناکامە یاخود کەم ئەقڵە یاخود مەغۆلە کەچی لەگەڵ ڕێزماندا هەندێک فەرمانبەری بانکەکان بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان کەسایەتییەکان واتە پۆلێنکردن لە نیوان کەسێکی ناکام لەگەڵ کەسێکی سەر و تەمەن (١٨) ساڵ یاخود کەسێکی وشیار و ئاقڵ لەگەڵ کەسێکی شێت و گێل، بەبێ ئاگاداری لە یاسا پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە ناتەواوە بەهۆکارانەی سەرەوە کە دەبێ بریکارنامەی لا بێت، کە لەڕووی یاساشەوە ئەو جۆرە مرۆڤانە مافی ئەوەیان نییە بریکارنامە بدەنە کەسێکی تر بەڵکو کەسێکی تر بەو مەرجانەی کە یاسا ڕێکیخستووە سەرپەرشتی و هەڵسوڕێنی کارەکانیانن دەکەن، وەک بۆ منداڵی ناکام و بێ باوک (بەڵگەنامەی پێسپێری-حجە الوصایە) و بۆ شێت و گێل ( سەرکاردانان– قیمومە) بە زۆرجار لە هاووڵاتییان روو لە فەرمانگە دادنووسیەکان دەکەن، و داوای بریکارنامە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەن کە ناکرێ بریکارنامەیان بۆ بکرێ، بەڵکو ڕێنمایی دەکرێن بۆ سەردانی دادگاکان بکەن تاوەکو بە پێی یاسا یەکێک لە بەڵگانامەیان بۆیان بکرێ تەنانەت جاری وا هەیە لە وەڵامدا دەڵێن ئەو بەڵگەنامەنە (پێسپێری یان سەرکاردانان)مان بردووە، بەڵام فەرمانبەری بانک ئەوەی قبول نییە دەڵێ دەبێ بریکارنامەت لا بێ بۆ لە جێگای خۆیەتی لە ڕێگای بەشی یاسایی وەزارەتی دارایی ڕێنمای فەرمانبەری بانکەکان بکرێ تا وەکو بەخۆڕایی کەس ماندوو نەکرێ، و گرفتیش لە نێوەندی هاووڵاتیان و فەرمانگەی دادنووسیەکان دورست نەبێت.

مافپەروەر/ هیدایەت جمال قەرەداغی